



# ڕێگەی سەرکەوتن

**من کوڕێکی تەمەن ١٢ ساڵانم، کۆششێکی زۆر دەکەمو کاتێکی باش بۆ خوێندن تەرخاندەکەم، کەچی بەرهەمی کۆششو ماندووبوونەکەم کەمترە لە چاوەڕوانکراو. ڕاستە من لە تاقیکردنەوەکاندا نمرەی باش بەدەستدێنم، بەڵام ناگەنە ئاستێکی بەرز. هۆکاری ئەوە چییەو چی بکەم؟**

-زۆر گرنگە کۆششی زۆر بکەیت لە ئامادەکردنی وانەکانی قوتابخانەدا، بەڵام گرنگتر ئەوەیە کۆششەکەت ڕێکخەیتو چەند پرنسیپێک بۆ خۆت دابنێی کە یاریدەدەربن بۆ چنینەوەی بەری کۆششکردنەکەت.

یەکەم/ نابێت ڕۆژەکانت پڕبکەیت بە سەرقاڵبوون بە چەندین مەسەلەوە، بەتایبەتی ئەگەر پەیوەندیان بە خوێندنەکەتەوە نەبێت، بۆ ئەوەی بیرکردنەوەت پەرشوبڵاونەبێتو وزەی جەستەیی‌و مێشکیت بەفیڕۆنەڕوات.

دوەم/وردبوونەوەی تەواو لەکاتی وەرگرتنی زانیارییەکاندا، چونکە ئەوە یاریدەدەردەبێت بۆ ئەوەی باشتر لە مێشکدا بچەسپێن. بۆیە واچاکە کاتی وانەئامادەکردن مێشکی خۆت سافبکەیتو هەشتێک هاتە مێشکتەوە، لەخۆتی دووربخەرەوەو لە بابەتەکەت وردبەرەوە. سێیەم/ دووبارەکردنەوەی ئامادەکردنی وانەکانت، چونکە ئەوە یارمەتیدەرە بۆ چەسپینی زانیارییەکان لە مێشکدا.

# دڵپیسم بەرامبەر بە خۆشکەکەم!



ئەو کورە نقومی چەندین گرفتە، کاتێک دەستی بە قسەکردن کرد،

وتی: دووسەد هەزار کێشەم هەیە!

پێم وت: با لە مەترسیدارترین کێشەوە دەستپێبکەین.

وتی: من دڵپیسم بەرامبەر بە خوشکەکەم، بەتایبەتی کاتێک کوڕانو پیاوان سەیریدەکەن، چونکە ئەو زۆر جوانە.

وتم: تەمەنی چەندەو تەمەنی خۆت چەندە؟

وتی: تەمەنی من چواردە ساڵەو تەمەنی خوشکەکەم شانزە ساڵە.

وتم: خوشکەکەت قسە لەگەڵ کوڕان دەکات؟

وتی: قسەی هاکەزایی، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو خزمو ناسیاوانەی سەردانماندەکەن، لە دەرەوەی ئەوە قسە لەگەڵ کەس ناکات، بەتایبەتی لەترسی دڵپیسیی من. خزمەکانیشم پێمدەڵێن کۆنەپەرستو دواکەوتووی. نازانم ڕاستدەکەن یان نا؟

وتم: دڵپیسیت بەرامبەر بە هەموو ژنانی خێزانەکەت، بۆ نموونە دایکت؟

وتی:دایکم کەسێکی ڕوو لەخوایە، ڕاستە لە خوشکم دەچێت، بەڵام ڕواڵەتو جلوبەرگ پۆشینی هەموان ناچاردەکات ڕێزی بگرن.

وتم: ئەمە مانای ئەوەیە ڕواڵەتی خوشکەکەت هاندەرە بۆ سەیرکردنی لەلایەن کوڕانەوە؟

وتی: نا، لە ڕووی جلوبەرگەوە ئاساییە، بەڵام جوانییەکەی سەرنجڕاکێشە.

وتم: واچاکە سروشتیانە سەیری مەسەلەکە بکەیتو زیاتر لە قەبارەی خۆی سەیری نەکەیت. دەشێت خوشکت سەرنجڕاکێش بێتو کوڕان سەیری بکەن، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنییە خوشکەکەت دەیەوێ سەرنجی کوڕان ڕابکێشێت یان کوڕان بە مەبەستەوە لە خوشکت بڕوانن. دەبێت لەم بوارەدا وریابیت، ئەگەر دڵپیسییەکەت بگۆڕێت بۆ جۆری نەخۆشی، ئەوا خۆت ماندوودەکەیتو دەبیتە مایەی گرفت بۆ خوشکتو کەسوکاریشت. لەم بوارەشدا کارێکی چاکدەکەیت گفتوگۆی ڕاشکاوانە لەگەڵ خوشکت بکەیتو کاتی پێویستیش هانا بۆ دایکو باوکت یان کەسانی شارەزا بەریت.